# راپۆرتێك سەبارەت بە دادگایی د.كەمال سەید قادر



پێش نیوەڕۆی رۆژی 2006/3/9 بە ئامادەبوونی نوێنەری سەندیكای رۆژنامە نووسانی كوردستان وژمارەیەك كەنالی راگەیاندن و هەردوو پارێزەرەكەی گۆڤەند بابان و سیروان عەزیز و چەند ئەندامێك لە كەسووكارەكەی دوەمین دانیشتنی دادگایی كردنەوەی دكتۆر كەمال سەید قادركە ماددەی 433 تۆمەتبار كراوە و بە شێوەیەكی كراوە لە هۆڵی دادگای كەتنی هەولێر بەڕێوەچوو ، ئەوەش دوای ئەوەی كە وەزارەتی رۆشنبیری بە نووسراوی رەسمی دادگای كەتنی هەولێری لە كات و شوێنی ئەو نووسینانە ئاگادار كردەوە كە بە هۆیەوە دكتۆر كەمال زیندانی كراوە ، لە سەرتادا حاكم فەریدون زەنگەنە وەڵامی داواكاری پارێزەری دكتۆر كەماڵی دایەوە كە داوایان كردبوو د.كەمال سەید قادر بە كەفالەت ئازاد بكرێ و كێشەكەشی لە ئاسایشەوە بگوازرێتەوە بۆ پۆلیس ، بەڵام حاكم فەریدون رایگەیاند كە لەبەر ئەوەی حكومی پێشووتری مورافەعە كراوە و ئێستاش دادا‌گا لە كۆتایی دادگایكرنەكەی دایە ، بۆیە ناكرێ بە كەفالەت ئازاد بكرێ ، سەبارەت بە گواستنەوەی بۆ پۆلیسیش گووتی ئاسایش ئارامترە لە پۆلیس بۆ تۆمەتبار ، بەڵام پارێزەر گۆڤەندبابان وێڕای ئەوەی جارێكی دیكە داوای ئازاكردنی كرد بە كەفالەت داواشی لە حاكم كرد كە لەبەر ئەوەی لە دادگایكردنی پێشووتری دكتۆر كەمال پارێزەری نەبووە جارێكی دیكە لێكۆڵینەوە لەو كێشەیە بكرێ ، دواتر نوێنەری یاسایی پارێزگای هەولێر لائیحەی تۆمەتباركردنی د.كەماڵی خوێندەوە وداوای كرد قەرەبووی مەعنەوی لە ناو براو وەربگیرێتەوە ، دواتر دكتۆر كەمال سەیدقادر ئیفادەی خۆی داولە قسەكانی خۆی بە بێتاوان لە قەڵەم دا گووتی من بە هیچ شێوەیەك لە

نووسینەکانمدا ناوی پارێزگای هەولێرم نەهێناوە ،مەستیشم تانە دان نەبووە لە پارێزگای هەولێرو حکومەتی هەریم ، سەبارەت بەو بابەتانەش کە وەزارەتی رۆشنبیری بە ناوی منەوە بۆ ئێوەی ناردوە من ناتوانم بەر لەوەی پێیاندا بچمەوە دان بنێم بەوەی کە ئەمە نووسینەکانی منە ، وەك لە گفتوگۆکاندا دەرکەوت د.کەمال ئینکاری هەندێ ناوی کرد کە حاکم خستنیە روو ، هەروەها ئەوەشی رەتکردەوە کە ئەم نوسینانە لە مانگی 8و 10 ساڵی 2005 نوسرابن ، بەلکو گووتی مێژووی ئەم نووسینانەی کە داوایان لە سەر تۆمار کراوە بۆ ساڵی 2004 دەگەڕێتەوە ، دوای ئەمەش من چەند جارێك بە ئاشکرا هاتومەتەوە کوردستان ، پارێزەر گۆڤەند بابان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئایا  پارێزگە لە کاتی خۆی وەڵامی ئەو نووسینانەی داوەتەوە ، کە دەرکەوت وەڵام نەدراوەتەوە ، لە درێژەی قسەکانی دا کەمال سەید قادرچەند جارێك  هەموو ئەو ئیفادانەی رەتکردەوە کە پێشووتر دابوونی و گووتی : ئەم ئیفدانە لە ژووری ئاسایش بووە دوای سێ شەوو رۆژ دەرگا لەسەرداخستن و زەخت پێم کراوە ،هەروەها ئاماژەشی بۆ خراپی باری تەندروستی کردو گووتی : باری تەندروستیم زۆر خراپە و خەریکە چاوەکانم لە دەست دەدەم  وێڕای ئەمەش د. کەمال سەید قادر چەند جارێك داوای لێبوردنی کردو گووتی زۆرجار  نووسەر لەنووسینەکانیدا تووشی هەڵچون دەبێ و دەبێتە هۆی ئەوەی چەند وشەیەکی توند بەکار بێنێ، بەلاّم من وەك کەسێکی چەپ بەرژەوەندی خەڵکی هەژار وای لێکردم ئەم چەند نووسینە بنووسم ، لە کۆتایدا نوێنەری پارێزگا سوور بوو لەسەرئەوەی بە پێی یاسا ئیجرائات لە گەڵ د. کەمال بکرێ ، داتر حاکم فەریدون داوای کرد کە دادگایکردنەکە بۆ نیو سەعات دوابخرێ ،بەلاّم گۆڤەند بابان پارێزەری دکتۆر کەمال سەید قادر داوای کرد بۆ چەند رۆژێك دوابخرێ بۆ ئەوەی دەرفەتی باشتریان لە بەردەمدا هەبێ بۆ ئالوگۆڕی بیرو را سەرەنجام دانیشتنەکە دواخر بۆ 2006/3/20 ، لە لێدوانێکی رۆژنامەگەریشدا گۆڤەند بابان رایگەیاند کە پێناچێ دکتۆر کەمال ئازاد بکرێ رەنگە چەند ساڵێك حوکم بدرێ ،سەبارەت بە ماوەی حوکمەکەش گووتی : مادەی 433 ماددەیەکی زۆر سانایەو ماوەی حوکمەکەی لە 24 سەعات تاکو 5 ساڵە،هەروەها دوای کۆتایی هاتنی دانیشتنی دادگاکەش کەس و کاری دکتۆر کەمال سەید قادر لە بەردەم دەرگای هۆڵی داداگا چاوەڕوانی ئەوەبوون کە چاویان بە دکتۆر کەمال بکەوێ ،بەلاّم رێگەیان پێنەدرا.